حكومەتی هەرێمی کوردستان
ئەنجومەنی وەزیران
سکرتاریەت

حكومة اقليم كوردستان
مجلس الوزراء
السكرتارية

## بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران
## ژمارە (١٧٩) لە ٢٠٢٢/١٠/٢٦

پشتبەست بە حوکمەکانی ماددەی (٨) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و لەسەر پێشنیاری وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار بە نووسراویان ژمارە (٣٢٠٩) لە ٢٠٢٢/٣/١٧، و ئاماژە بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٩٥) لە ٢٠٢٢/١٠/٢٦، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە:

١. هەموارکردنی بڕگەی (٥) لە خشتەی ژمارە (٢)ی هاوپێچی بڕیاری پێشووی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٢٦) لە ٢٠١٧/١٢/٥ تایبەت بە (خشتەی کرێی خزمەتگوزاریی شارەوانییەکان لە هەرێمی کوردستان) و بەم جۆرە دەخوێنرێتەوە:

(بڕی کرێی ساڵانەی ناوچە پیشەسازییەکان بۆ ئەو زەوییانەی تەرخانکراون بۆ پیشەکان لە ناوچەی پیشەسازی بەو بڕە پارانەی لە خشتەکەدا هاتووە تەنها بۆ حاڵەتی بەکرێدان بۆ جاری یەکەم دەبێت و دواتر بەگوێرەی یاسای فرۆشتن و بەکرێدانی موڵکوماڵی دەوڵەت مامەڵە دەکرێت).

٢. بەکرێدانی زەوی لە ناوچە پیشەسازییەکان تەنها بۆ مەبەستی پیشەیی ئەو ناوچانە دەبێت و ڕێگا نادرێت کەسانی دیکە کە خاوەنی هیچ پیشە و چالاکییەکی پیشەسازی نین بەشداریی لە پرۆسەی بەکرێدانی ئەو زەوییانە بکەن بە مەبەستی سوودی ناڕەوا لەو زەوییانە.

٣. جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە نابێت ببێتە هۆی بەربەست لە بەردەم بەرەودان بە پیشە و پرۆژە پیشەسازییەکان لە هەرێمی کوردستان. بۆ ئەم مەبەستەش، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاریی جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە دەردەکات.

٤. سەرجەم وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان).

**مەسرور بارزانی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**